پۆلیسی فیدراڵ ئازادکردنی سێ کچی لەبەغدا راگەیاند

ئەمڕۆ شەممە،فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵی ئازادکردنی سێ کچی لە ناو ماڵێکدا لە ناوچەی حوسێنیە لە بەغدا ڕاگەیاند.

فەرماندەیی پۆلیسی فیدراڵ لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند:-یەکێک لە هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی توانیان سێ کچ ڕزگار بکەن کە لە ماڵێکدا لە ناوچەی حوسێنیە لە بەغدا دەستبەسەر کرابوون.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- بەپێی زانیارییە ئەمنییەکان، ئەو سێ کچە بەهۆی کێشەی خێزانیەوە بە زنجیر و قوفڵ لەناو ماڵێکی خێیان لایەن براکانیانەوە بەسترابوونەوە.

بەیاننامەکەی پۆلیسی فیدالی ڕوونیشیکردەوە :- دەستبەجێ هێزێک لە لیوای 20ی پۆلیسی فیدراڵی جووڵیان پێکرا بە کۆنترۆڵکردنی دەخێکە لەسەر بنەمای هەواڵ هەواڵگرییەکان کە پێشوەختە پێاندرابوو، لەئێنجامدا دوای هەڵکوتانەسەر ماڵەکە ، کچە دەستبەسەرکراوەکان ئازادکران .

بەیاننامەکەی پۆلیسی فیدراڵ ئەوەشی خستەسەر :- کە بە پێی زانیارییە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە کچەکان نیشانەی لەدان وتوندوتیژی بەسەر جەستیانەوە دیاربوو و بەشوێنێکی زێر قێزەون و نامرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ کرابوو ، دوای دەستگیرکردنی تەمەتباران کە سێ برابوون، پۆلیس دەسێکی ئاراستەی لایەنی پێیوەندیدارکرد تا بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .